www.kurdistannet.org
27-6-2006 18:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حکومەت پەلامار دەدرێت! یان راگەیاندن دەخنکێنرێت؟؟!!. ... مەریوان نەقشبەندی

کاک سەرۆ قادری رۆژنامەنووس و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدیمانەیەکدا دەڵێت (لەدنیا شتی وانیە کە بەردەوام راگەیاندن پەلاماری حکومەت بدات) . ئەم لێدوانە شتێکی سەیر نیە ئەگەر لەسەر بنەمای پۆست و بەرپرسیاریەتیەکەی بوبێت، بەلام زۆر جێگای سەرسوڕمانە ئەگەر وەک رۆژنامەنووسێک ئەوەی گوتبێت!. چونکە دەبوو پێش ئەوەی بەراورد لەنێوان مامەڵە وئیلتیزامی راگەیاندن بەرامبەر حکومەت بکات، جیاوازی ئاستی خزمەتگوزاری و مامەڵەی حکومەت بەرامبەر هاوولاتیان لەنێوان حکومەتی کوردستان و هەر حکومەتێکی نیمچە دیموکراسی جیهاندا بەدیار بخستایە. ئەوە راستە هەندێک (نووسەر) تەنها بۆ سەرنجراکێشان و خۆبەدیارخستن و هەندێک بلاوکراوەش بۆ زیادفرۆشتن و ناوبانگ پەیداکردن بابەت و هەواڵی جۆراوجۆر بلاودەکەنەوە و بەشێوەیەکیش ئیبرازی دەکەن وەک بلێیت ئەوە حاڵەتێکی گشتییە، لەکاتێکدا هەندێک لەو حالەتە ئیبرازکراوانە ئێجگار دەگمەنە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا. بەلام ئەبی کاک سەرۆ و هەر بەرپرسێکی ئەم کوردستانە ئەو راستیە بزانن کە لەدنیادا پێوەری کارەکانی حکومەت، جەماوەرە نەک کەناڵەکانی راگەیاندن، جا ئەگەر راگەیاندن رۆڵی سلبی ببینێت (کە بڕواناکەم ئەم حاڵەتە لەکوردستاندا وابێت) ئەوا پێش کەناڵە (ئازادەکان) کەناڵەکانی راگەیاندنی حزبەکان و حکومەت بەرپرسیارن. من کارم بەوە نیە کام نووسەر یان کام کەناڵی راگەیاندن لەژێرەوە بەمۆڵ پارە وەردەگرێت، بەلام ئەو پارەیە هەرچەندێک بێت ناگاتە چارەکێکی ئەو پارە مۆڵەی کە حزبەکانی کوردستان (بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی) بەئاشکرا بۆ بواری راگەیاندنی خەرج دەکەن بەشەرتێک بەشەر نازانێت ئەو پارەیە چەندە؟ ئاخۆ مانگانەیە یان ساڵانە؟ جێگیرە یان هەر ماوە بە ئارەزوی خۆیان زیادوکەمی پێدەکەن؟!. با لەپارەش گەڕێین و بزانین ئەو هەموو کەناڵەی راگەیاندن کە پارتی ویەکێتی و یەکگرتوی (ئیسلامی) هەیانە بۆچی ناتوانن جێگای سایتەکانی وەک (کوردستان نێت و کلاوڕۆشنە و کوردستان ئۆنلاین) و رادیۆی سەوا و هەفتەنامەکانی (میدیا و هاوولاتی و ئاوێنە) و هاوشێوەکانیان بگرنەوە؟!. باشە خۆ هەر هەمان ئەو کەسانەن کە لەکەناڵەکانی راگەیاندنی حزبەکاندان لەو هەفتانامانەشدا دەنووسن و رای خۆیان دەردەبڕن. ئەوانەی لە کەناڵە (ئازادەکان) دا دەنووسن هەر هەموویان کوردن و بەشێکن لە پێکهاتەی دیموگرافی ئەم کوردستانە یان ناچاربوون لەدەرەوەی کوردستان بژین، بۆچی کەناڵە حزبیەکان ناتوانن بەرهەم و بەهرەی ئەمانە لەخۆبگرێت؟!. بێگومان هەڵەیەک هەیە و دەبی ئەمڕۆ یان سبەی ئەو هەڵەیە بدۆزرێتەوە و چارەسەریش بکرێت. ئەو هەڵەیەش بەبۆچونی من لە لای دەسەلاتە نەک رۆژنامەنووس و رۆشنبیر. بەرپرسەحزبیەکانی کوردستان لەسەر بنەمایەکی سەقەت و لەسەر مەزاجی شەخسی، بەرنامە و سیاسەتی خۆیان دادەڕێژن کە سیاسەت و بەرنامەی راگەیاندنیش لەم حاڵەتە بەدەرنییە، تۆ کاتێک (کۆنە بەعسییەک) یان کوڕ و خزمی مەسئولێک دەکەیتە واجیهەی دەزگایەک یان کەناڵێکی راگەیاندن کە هیچ موئەهەلاتێکی ئەکادیمی و پیشەیی نییە، من چۆن بێدەنگ دەبم؟!، ئەگەر بێدەنگیشبم مانای رازیبوونم نییە. بەرێگای خۆم بەدوای بەدیلدا دەگەڕێم. بەلام لەپێناو هەڵەی یان کەمتەرخەمیی و بێئاگایی مەسئولێک، خەبات و مێژووی حزبێکی گەورەی خاوەن خەبات و مێژوو و جەماوەر زەربی سفر ناکەم، من دڵنیام ئەوانەی ساڵانێکی دوورودرێژی تەمەنی خۆیان بەشاخەکانی کوردستانەوە و لەئاوارەیی و نەبووونیدا بەسەربرد بۆ هەتاهەتایە ئەم پاشاگەردانیە قبووڵ ناکەن. چونکە ئەو خاوەن خەبات و گیان لەسەردەستانە چاوەڕێی ئەوەیان نەکردوە کورد بگاتە ئەم ئاستەی کە ئێستا دەیبینین و هەر ئەوانیش دەزانن بەگژ چەند و چ دوژمنێکی درندە و بێبەزەییدا چوون؟!. هەرکاتێک ئەم خاوەن خەبات و مێژووانە گەیشتنە ئەو باوەرەی کە یەک رۆژ بەڕێوەبردنی حکومەت لە ساڵێک پێشمەرگایەتی زەحمەتترە، ئەوا بە دەیان و سەدان نووسەر و رۆژنامەنووس و روناکبیر، ئافرەت و گەنج و پیر دەبنە بەرگریکار لە حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد، بەلام هەتا هەست بکەم منداڵەکەم هەمان مافی منداڵەکانی کاک نێچیروان بارزانی و کاک عومەر فەتاحی نییە، ئەوە نابی چاوەڕێ بکەن ئیلتیزاماتی نەتەوەیی و پیشەیی و ئەخلاقیم بەرامبەر بەم حکومەتە (ستاندارد) بێت. هەرکاتێک هەستم کرد من و مەسرور بارزانی و پاڤل تاڵەبانی لەبەردەم یاسادا یەکسانین ئەوکاتە منداڵەکەم و قەڵەمەکەم دەبنە پاسەوان و چەکی سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی کوردستان چونکە خوانەخواستە ئەگەر ئەزموونی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا لەناوچوو ئەوا من و منداڵەکانی من و کەسانی هاوشێوەی من زەرەرمەندی یەکەم دەبن نەک مەسئوولەکان، کاری منیش نییە ئەگەر بڵێن چۆن بگەینە ئەو عەدالەتە سیاسی وئیداری و کۆمەلایەتییە؟. چونکە لەکاتی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و لەچەندیی و چۆنیەتی خەرج کردنی ئەو پارە خەیاڵیانەی 15 ساڵە لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە وەردەگیری و خەرج دەکری و دابەش دەکرێت، هیچ پرسێکیان بە ئێمە نەکردوە... Mariwan_na@yahoo. com